السنّة النبوية وعلومها
www.sunnah.global

# دەستبگرن بە ڕاستگۆییەوە، چونکە ڕاستگۆیی ڕێنیشاندەرە بەرەو چاکەکاری، وچاکەکاری ڕێنیشاندەرە بەرەو بەهەشت

لە عبداللەی کوڕی مەسعودەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «دەستبگرن بە ڕاستگۆییەوە، چونکە ڕاستگۆیی ڕێنیشاندەرە بەرەو چاکەکاری، وچاکەکاری ڕێنیشاندەرە بەرەو بەهەشت، وکەسێک ڕاستگۆیە وبەردەوام بە دوای ڕاستگۆییدا دەگەڕێت؛ هەتا لای خوای گەورە بە ڕاستگۆ لە قەڵەم دەدرێت، وئاگاداری درۆ کردن بن، چونکە درۆ کردن ڕێنیشاندەرە بەرەو خراپەکاری، وخراپەکاری ڕێنیشاندەرە بەرەو دۆزەخ، وکەسێک درۆزنە وبەردەوام بەدوای درۆدا دەگەڕێت؛ هەتا لای خوای گەورە بە درۆزن لە قەڵەم دەدرێت».

[سەحیح - ڕاست] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- فەرمانیکردووە بە ڕاستگۆیی، وڕایگەیاندووە کە پابەندبوون پێوەی مرۆڤ دەگەیەنێت بە کردەوەی چاکی بەردەوام، وڕاهاتن لەسەر کاری خێر خاوەنەکەی دەگەیەنێت بە بەهەشت، ومرۆڤ بەردەوام ڕاستگۆ بێت لە نهێنی وئاشکرادا شایستەیە پێی بووترێت: ڕاستگۆ؛ ئەمیش کەسێکە لە بەرزترین پلەی ڕاستگۆییدایە. پاشان پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- هۆشداریدا سەبارەت بە درۆکردن و ووتنی قسەی پوچەڵ؛ چونکە دەبێتە هۆی دوورکەوتنەوە لە پابەندبوون لەسەر ڕێگای ڕاست، ودەبێتە هۆی کردنی شەڕ وخراپە وتاوان، پاشان خاوەنەکەی دەگەیەنێتە دۆزەخ، وکەسێك بەردەوام درۆ دەکات هەتاوەکو لەلای الله بە درۆزن دەنووسرێت.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/5504

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee